شەفافیەت: داهاتی ئەم هەفتەیەی سلێمانی نزیکەی 11 ملیار دینارە

بەگوێرەی ماڵپەڕی شەفافیەت، داهاتی ئەم هەفتەیەی سلێمانی لە 9ی 8 تا 15ی 8ی 2025، نزیکەی 11 ملیار دینارە کە 80%ی نەختینەیە.

بەگوێرەی ماڵپەڕی شەفافیەت بە چاودێری و ڕێکخستنی داهاتە نانەوتییەکانی سلێمانی و هەڵبجەو هەردو ئیدارەی راپەڕین و گەرمیان، داهاتی ئەم هەفتەیەی سلێمانی لە 9ی 8 تا 15ی 8ی 2025، زیاتر لە 10 ملیارو 878 ملیۆن و 281 هەزار دینارە.

هەر بەگوێرەی ماڵپەڕەکە، لەو بڕە 8 ملیارو 675 ملیۆن و 27 هەزار دیناری واتە 80%ی نەختینەیەو هەروەها 2 ملیار و 203 ملیۆن و 253 هەزار دیناری واتە 20%ی بەشوێی چەکەو مەقاسە سفرە.